# سینەمای بێ زمان

**نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)**
Kardo_van@yahoo.com

**زۆر جار ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ (ئایا کورد سینەمای هەیە)ڕەنگە کەسانێك هەبن لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تۆزێك دوو دڵ بن،لەبەر ئەوەی تەم و مژێك باڵ بەسەر ئەو پێوانانەدا ئەکێشێت کە بوون و نەبوونی سینەمای گەلێك دیاری دەکەن.هەندێك دەڵێن،مادام فلیمی کوردیمان هەیە ،مادام ئەو فلیمانە لە کوردستان بەرهەم دەهێنرێن و زمانی فلیمەکەو ئەکتەرو تەکنیکارەکانی کوردن،کەواتە سینەمای کوردیمان هەیە،هەندێکی تریش لەوێوە کە تێڕوانینی جیاوازیان بۆ پێوانەکانی بوون و نەبوونی سینەما هەیە ،پێیان وایە کورد جارێ نەبووە بە خاوەنی سینەمای خۆی.ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی جارێ فلیمە کوردییەکان تایبەت مەندی خۆیان نییە،ڕووەو دونیا نەناسراون،بازاڕیان نییە،....تاد بۆیە جارێ ناتوانین خۆمان بە خاوەنی سینەما بزانین.ئەمە دەکرێت گفتەگۆی لەسەر بکەین.هەمیشە کارکردن بۆ دۆزینەوەی بازاڕو بە جیهان ناساندنی فلیمی کوردی و سەرو سیما پێدانی و کارکردن بۆ بە سەنعەت کردنی سینەما ئەرکێکی زەرووره،ئەم زەروورەتە زیاتر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە دەوڵەت(ئیدارەی کوردی)تا ئێستا ئامادەییەکی ئەوتۆی نیشان نەداوە بۆ پشتگیری کردن لە هونەرمەندی کوردو زەمینە خۆش کردن بۆ سینەما کارەکان تا بتوانن فلیمەکانیان لە چوار چێوەی بۆچوون و دیدگاو قەناعەتەکانی خۆیان بەرهەم بێنن چ لە ڕووی فیکری و چ لە ڕووی تەکنیکییەوە .بەو مانایەی سینەما کار ناچار نەبێت سیناریۆیەك بکات بە فلیم کەحەزی لایەنێك باوەشێن بکات، یان ناچار بێت سیناریۆکەی ئاوها مۆنتاج بکات کە ببێت بە مایەی ڕەزامەندی تەرەفێك .لە ڕووی تەکنیکیشەوە سینەما کار ناچار نەبێت لە بری کامێرای 35 ملیم پەنا بۆ دیجیتاڵ بەرێت ئەمە ئەگەر دیجیتاڵەکەشی بۆ فەراهەم بێت ،یان ناچار بێت لەبەر کەمی ئیمکانات و کەرەستەو نەبوونی ستۆدیۆی پێویست و ...تاد لە هەندێك لە دیمەنەکانی خۆی خۆش بێت و هەندێکی تریش دەست کاری بکات.کەواتە تا ئەو جێیەی کە سینەما کار بەهرەمەند نەبێت لە پشتگیرییەکی مادی و مەعنەوی ،ئەوە کارکردن بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو هەنگاوانەی کە باسمان کرد زەروورەتی دەبێت.بێینەوە سەر پرسیاری بوون و نەبوونی سینەما.من پێم وایە تەنانەت ئیتیفاقێکی گشتیش لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ناتوانێت بە قەد ئەوە سوود بەخش بێت کە هەوڵی ئەوە بدرێت فلیمەکان ئاستێکی باڵاتریان هەبێت.چونکە  وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە واقیعی فلیمەکانی ئەمڕۆ ناگۆڕێت.ئەو کردەوە ئیجابیانەی کە فلیمە کوردییەکان لەم زۆلگاوە دەرئەهێنێت کە تێی کەوتووە،وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە.لەم پرسەدا تیۆری ناتوانێت گۆڕانکارییەکی بچووکیش بەسەر فلیمەکانماندا بێنێت، بەڵام یەك هەنگاوی عەمەلی دەتوانێت زۆر سوود بەخش بێت.**

**له پاش ئەم بێنەو بەردەیەوە پێم باشە پرسیارێك بخەمە ڕوو كە مەبەستی ئەم نووسینەیە،ئایا دەكرێت خاوەنی سینەمای خۆمان بین پێش ئەوەی زمانێكی سینەماییمان هەبێت؟دڵنیام ئەوانەی هەوڵی نووسینەوەی سیناریۆ دەدەن زیاتر ئەهمیەتی ئەم پرسیارە درك پێ ئەكەن .من ئەزانم جارێ ئسوڵی نووسینەوەی سیناریۆ لای ئێمە هەمان ئسولْ نییە كە لە دەرەوە پەیڕەوی دەكرێت ،واتە فۆرمی سیناریۆ لای ئێمە هەمان فۆرم نییە .من وای بۆ دەچم ئسلوبی شەرح كردنی دیمەن بە دیمەنی فلیمەكە زیاتر برەوی هەبێت لە لای دەرهێنەرەكانی ئێمە یان ئسلوبی بە چیرۆك كردنی دیمەنەكان .ئەم دوو ئسلوبە هەم دەرهێنەر ماندوو ئەكەن وە هەم ئەركێكی ئیزافیشی دەخەنە ئەستۆ ،چونكە ئەوسا دەرهێنەر ئەبێت لە جێی سیناریستیش كار بكات بەو مانایەی كە بەشێك لە ئەركەكانی سیناریست دەكەوێتە سەر شانی دەرهێنەر ،بە هەرحاڵ كاتێك دەتەوێت سیناریۆیەك بنووسیتەوە لەگەڵ كۆمەڵێك كێشەی زمانەوانی ڕوو بە ڕوو ئەبیتەوە لەبەر ئەوەی هەندێك زاراوەی سینەمایی هەیە لە كوردیدا هاوتای نییە، بەڵام گرفتەكە لە سیناریۆ تێئەپەڕێت كۆمەڵێك ناو و زاراوە لە هونەری سینەمادا هەیە كە لای ئێمە جارێ بێ هاوتا ماوەتەوە بۆ نموونە ئەو كەسەی بە كاری ڕووناكی هەڵدەستێت بێ ناوە لای ئێمە ،یان ئەوەی كاری ماكیاژ دەكات بگرە دەیان زاراوەو ناوی تر .دۆزینەوەی هاوتا بۆ ئەو زاراوانە یان داهێنانی زمانی سینەمایی كارێكی زۆر سەخت نییە لیژنەیەك دەتوانێت ئەو ئەركە بە كەفائەتەوە ئەنجام بدات .ئەمە ئەركێكی هەنووكەییە پێم وایە زیاتر دەكەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشەنبیری.دەكرێت هەریەكەو لە ئاست خۆیدا كۆمەك بەو لیژنەیە بكات بە دۆزینەوەو داهێنانی چەند هاوتایەك بۆ ئەو زاراوە بزرانەی نێو زمانی سینەمایی ئێمە.دەكرێت ئەمە یەكەم هەنگاو بێت لە پرۆسەی بونیاتنانی سینەماییكی تەندروست ،سینەمایەكی مۆدرن و بە سەنگ.**

2005-11-27